چی کردەوەیەک لە ئیسلامدا باشترین وچاکترینە؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خواردن ببەخشیت، وسەلام بکەیت لە هەرکەسێک بیناسیت یان نەیناسیت

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پیاوێک پرسیاری لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کرد: چی کردەوەیەک لە ئیسلامدا باشترین وچاکترینە؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «خواردن ببەخشیت، وسەلام بکەیت لە هەرکەسێک بیناسیت یان نەیناسیت».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پرسیاری لێکرا: چی کردەوەیەک لە ئیسلامدا باشترین وچاکترینە؟ ئەویش دوو کردەوەی باسکرد: یەکەم: خواردن بەخشین بە هەژارەکان، ئەمیش خێرکردن ودیاری ومیوانداری و وەلیمە دەگرێتەوە، وفەزڵی زیاتر دەبێت لە ڕۆژی برسێتی وگرانی. دووەم: سەلامکردن لە هەموو مسوڵمانێك، ئەگەر بیناسیت یان نەیناسیت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5808